https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.7

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# وڵاتی كاردۆخیا لە سەردەمی دەسەڵاتی فارسە هاخامەنشییەكاندا

# (٥٤٧-٣٣١ پ. ز.)

ڕێزان قادر عەبدوڵلا غەفوری

بەشی مێژوو-زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

rezanqadir87k@gmail.com

پ. د. قادر محەمەد حەسەن پشدەری

ڕاگری كۆلێژی ئاداب-زانكۆی سەلاحەدین

qader.hassan@su.edu.krd

**پوختە:**

ولاتی کاردۆخیا دەکەوێتە باکووری میسۆپۆتامیا لەو ناوچەیەی کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس پێکدەگەن، ئەم ناوچەیەش هەڵکەوتەیەکی جوگرافی و ستراتیجیی گرنگیی هەبوو، بە تایبەت سەختی ناوچەکە و بوونی ڕووبارەکانی دیجلە و فیشخابوور و باتمان و چەندین ڕووباری تر تیایدا، شوێنی تێپەڕینی لەشکرکێشییە سەربازییەکان و کاروانە بازرگانییەکان بوو. لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشیدا کاردۆخیا کەوتە بەر فراوانخوازیی هاخامەنشییەکان و لە هەمان سەردەمدا دە هەزار سەربازی یۆنانی بە کاردۆخیادا کشانەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشکبخاتەسەر بارودۆخی سیاسیی کاردۆخیا لە سەردەمی هاخامەنشیدا و ڕۆڵ و کاریگەریی کاردۆخییەکان و پەیوەندییان بە هاخامەنشییەکان و یۆنانییەکانەوە (دە هەزار سەربازە یۆنانییەکەی لەگەڵ زەینەفۆندا بوون بە کاردۆخیادا کشانەوە) و هەروەها پەیوەندیی کاردۆخیا بە دراوسێکانیانەوە لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکاندا، کە بریتین لە سەرچاوە یۆنانییەکان، بە تایبەت تۆماری کتێبی ئاناباسیسی زەینەفۆن و سەرچاوە مێخییەکانی سەرەتای سەردەمی هاخامەنشییەکان و دەوڵەتی بابلی هاوسەردەمی بخاتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** کاردۆخیا، هاخامەنشی، فارسی، یۆنانی و زەینەفۆن.

## وڵاتی کاردۆخیا لە سەردەمی دەسەڵاتی فارسە هاخامەنشییەکاندا

## (٥٤٧-٣٣١پ. ز.)

### پێشەکی

بەپێی ئەو تۆمارە مێژووییانەی کە تا ئێستا لەبەردەستدان لە سەردەمی هاخامەنشیدا بارودۆخی کاردۆخیا چەند جارێک ناجێگیری بەخۆیەوە بینیوە، وەک ڕاپەڕینی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی هاخامەنشی، و گەڕانەوەی زیاتر لە ١٠ هەزار سەربازی یۆنانی بە کاردۆخیادا و تۆمارەکانی زەینەفۆن لەبارەی بارودۆخی سیاسیی کاردۆخیا و پەیوەندییان بە دەسەڵاتی هاخامەنشی و دەوڵەتی ئەرمەن و خالدەییەکان و یۆنانییەکانەوە. لە کۆتایی دەسەڵاتی هاخامەنشییەکاندا تێپەڕینی ئەسکەندەری مەکدۆنی بە باشووری خۆرئاوای کاردۆخیادا بۆ ئەربێلا.

ئەم توێژینەوەیە لە چەند تەوەرەیەک پێکدێت: لە تەوەرەی یەکەمدا ئەو بەڵگە مێژوویی و تۆمارە کۆنانە دەخەینە بەر باس، ئایا کۆرش هێرشی کردووەتە سەر کاردۆخیا؟ سوپای کۆرش بە کاردۆخیادا تێپەڕیوە؟ پاشان لە تەوەرەی دووەمدا باس لە بارودۆخی کاردۆخیا دەکەین لە سەروبەندی ڕاپەڕینی هەرێمەکان دژی دەسەڵاتی شاهانەی هاخامەنشی و پاشای داریوشی یەکەمی هاخامەنشی. لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە هێزی سەربازیی کارداکس دەکەین، و وەڵامی ئەو پرسیارە دەخەینەڕوو کە ئایا ئەم هێزە پەیوەندی بە کاردۆخیا و کاردۆخییەکانەوە هەبووە یان نا. لە تەوەرەی چوارەمدا باس لە تێپەڕینی دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە بە وڵاتی کاردۆخیادا دەکەین، و بەشێک لەو وردەکارییانەی زەینەفۆن کە لە کتێبەکەی بەناوی ئاناباسیس وەک سەرکردەیەکی یۆنانی ناو ئەو سوپایە گێڕاویەتییەوە گفتوگۆ دەکەین. لە

تەوەرەی پێنجەم و کۆتاییدا باس لە هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ناوچەکە دەکەین هەروەها باسی شوێنی پەڕینەوەی سوپای ئەسکەندەر لە ڕووباری دیجلە بەرەو مەیدانی جەنگی گەوگەمێلا (ئەربێلا) دەکەین.

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدەوە بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان، بە تایبەت نووسینە مێخییەکان و کتێبی مێژوونووسە یۆنانییەکان وەک هیرۆدۆتس و زەینەفۆن، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی بیانی و کوردی و عەرەبیی پەیوەندیدار بە باسەکەوە، هەروەها توێژەر بەپێی پێویست لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو زانیاری و ڕووداوانە کردووە کە لەو تۆمارانەدا باسکراون و بۆچوونی خۆی خستووەتەڕوو.

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی نیو سەدە پێش دامەزراندنی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی دەبینین لە ساڵی (٦١٢ پ. ز.) دا میدییەکان بە یارمەتی بابلی (کلدی)ییەکان توانییان شاری نەینەوای پایتەختی ئاشوورییەکان بگرن و کۆتایی بە ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووری بهێنن (الأحمد و رشيد، ١٩٨٨، ص٣٧٠؛  باقر، ٢٠١٢، ص ٦٠١-٦٠٢). بەم شێوەیە جگە لە هەموو ناوچەکانی ئێران و زاگرۆس هەروەها بەشێکی گەورە لە باکووری میسۆپۆتامیا کەوتە دەست میدییەکان. پاشماوەی سوپای ئاشوورییەکان بۆ ناوچەکانی حەڕان کشانەوە، دوو ساڵ دواتر و لە ساڵی ٦١٠ پ. ز. دا میدییەکان و بابلییەکان هێرشیانکردە سەر پاشماوەی سوپای ئاشووری و لە شەڕی کاپلینادا توانییان کۆتایی بە پاشماوەی ئاشوورییەکان بهێنن، بەڵام لە دوای ئەم بەروارەوە بابلییەکان دەسەڵاتیان لە  باکووری میسۆپۆتامیا لاوازبوو و میدییەکان بە تەواوی جێگەی هەموو هێزەکانی ناوچەکەیان گرتەوە و ناوچەکە بوو بەشێک لە

ئیمپڕاتۆریـــەتی میــدیا (بــاقر، ٢٠١٢، ص ٦٠١-٦٠٢). لەبـــەر ڕۆشـــنایی تۆمارەکانی هیرۆدۆتسدا لەبارەی میدییەکان، مێژوونووسان پێیانوایە کە لــە دوای ســاڵی ٥٨٥ پ. ز. ەوە سـنووری ئیمپڕاتۆریـەتی میـدیا هـەموو ناوچەکانی کاردۆخیای گرتـەوە و هـەتا ناوەڕاسـتی ئـەنادۆڵ و ڕووبـاری هـالیس( /Halys قیزڵ ئێرمـاق) درێژبووەوە ( ;Tuplin 2003, p.353 Dusinberre, 2013, p. 18-19). هەرچەنده لە ئێستادا هیچ دەقێکی مێژوویــی تایبــەت لەبەردەســتدا نییــە بــاس لــەم ناوچەیــە بکــات لــەم سەردەمەدا، بەڵام دەتواندرێت بە شێوەیەکی گشتی بگوترێت هەر لە ساڵی ٦١٢ پ. ز. ەوە هەتا ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی میدیا لە ساڵی ٥٥٠ پ. ز. دا ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی میدییەکاندا بووە (أحمد و رشيد، ١٩٩٠، ص ١٤٤). هیـرۆدۆتس بـاس لــە جـەنگی پێـنج سـاڵەی نێـوان میدییــەکان و لیدییــەکان دەکــات کــە لــە ســاڵانی ٥٩٠-٥٨٥ پ. ز. بــەردەوام بــوو (Herodotus, 1984, p.84). بـە وتـەی مێژوونووسـی هاوچـەرخ کرۆمپتۆن(Crompton) ئەم جەنگە لە ناوچەکانی باکووری میسۆپۆتامیا بووە (Crompton, 2008, p.41)، بەڵام توێژەر پێیوایە لە ئێستادا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت کە شەڕەکانی ئەو جەنگە پێنج ساڵەیە لە باکووری میسۆپۆتامیا و خاکی کاردۆخیا ڕوویاندابێت، چونکە هیرۆدۆتس باس لە شاری پتێریای میدی لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ دەکات، مێژوونووسی هاوچەرخ توپلین(Tuplin) شـوێنەواری (کەرکەنێس داغ) لـە خۆرهـەڵاتی ئـەنکارای پایتـەختی تورکیا کـە شـورایەکی بـەردینی بـەهێزی هەبووە و حەوت دەروازەی هەبووە، بە هەمان شاری پتێریای میدییەکان دادەنێــت کــە لــە ســاڵی ٥٤٧ پ. ز. دا کرۆسوســی پاشــای لیدییــەکان داگیریکردووە، لە هەمان ساڵدا کۆرش دەستی بەسەر ئەم شارەدا گرت و خستییە سەر ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی (Tuplin 2003, p. 354.).

بەپێی گێڕانەوەکانی زەینەفۆن بێت کە لە مێژووی زارەکیی خەڵکی ناوچەی نێوان زێی گەورە و ڕووباری دیجلە کۆیکردۆتەوە میدییەکان لە سەردەمی هاخامەنشیدا لە باشووری سنووری وڵاتی کاردۆخیا دانیشتوانی شارەکانی لاریسا (نەمرود) مێسپیلا (نەینەوا) بوون ( Haupt (1907), p. 100)). ئایا میدییەکان لە باکووری ئەم ناوچەیە و لە وڵاتی کاردۆخیادا تا چ ڕادەیەک ڕۆڵیان هەبووە؟ بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە وڵاتی کاردۆخیا بەشێک بووە لە ئیمپڕاتۆریەتی میدیا ( Tuplin 2003, p. 359-360.).

## ١-کاردۆخیا لە سەردەمی هاخامەنشی (٥٤٧-٣٣١ پ. ز.)دا

لەگەڵ گرتنی ئەگباتانا (هەگماتانا- هەمەدان)ی پایتەختی میدییەکان لە لایەن کۆرشەوە لەساڵی ٥٥٠ پ. ز. ناتواندرێت بگوترێت ناوچەکانی تر ڕاستەوخۆ کەوتنە دەست هاخامەنشییەکان (باقر و آخرون، ١٩٧٩، ص ٤٥-٤٧ ؛ أحمد و الهاشمي، ١٩٨٦، ص ٩٢)، بۆ نموونە دوای سێ ساڵ ئینجا کۆرش توانی لە بەهاری ساڵی ٥٤٧ پ. ز. لە باشووری هەولێر لە دیجلە بپەڕێتەوە و بەرەو باکوور بڕوات بۆ ئەوەی لەوێوە هێرش بکاتە سەر وڵاتی لیدیا و بیڕوخێنێت (Crompton, 2008, p.51). پێش ئەوەی کۆرش بگاتە باکووری کوردستان و ناوەڕاست و خۆرئاوای ئەنادۆڵ، ئەوکات ئەم ناوچانە و ناوچەکانی کاردۆخیا و بەشێک لە جەزیرەی سووریا هەمووی لەژێر فەرمانڕەوایی ئیمپڕاتۆریەتی میدیادا بوون، تەنانەت هەندێک لە پسپۆڕان وا گومان دەبەن کە لەم ناوچانەدا لەوانەیە خەڵک هەر ئاگاداری ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی میدی نەبووبێتن، بە تایبەت کە باپیری کۆرش لە دایکییەوە، ئەستیاگی کۆتا پاشای میدیا بووە، لەبەر ئەوە هاتنە سەرتەختی کۆرش وەک گۆڕانکاری هاتنی ئیمپڕاتۆریەتێکی نوێ لەوانەیە سەیرنەکرابێت، بەڵکو وەک ئەوەی کچەزا تەختی شاهانەی

باپیری داگیرکردبێت. تۆمارە شاهانەکانی دەوڵەتی بابلی کلدانی بەم شێوەیە باس لە هێرشەکەی کۆرشی گەورە (٥٥٠-٥٢٨ پ. ز.) دەکەن بەرەو ناوچەکانی کاردۆخیا و ئەنادۆڵ: *"لە مانگی نیسانو، پاشای وڵاتی پارسو، سوپاکەی کۆکردەوە و لە باشووری شاری ئەربائیل پەڕییەوە (Kuhrt 2007, p.50*؛ باقر و آخرون ١٩٧٩، ص٤٨)." ناوەرۆکی ئەم دەقە بابلییە مانگی نیسانی بە شێوەی (نیسانو) تۆمارکردووە، واتە ئەم ڕووداوە لە بەهاری ساڵی ٥٤٧ پ. ز. دابووە، و کۆرش لەم دەقەدا پێی وتراوە (پاشای پارسو)، هەرچەندە لە دەقە مێژووییەکاندا هیچ وردەکارییەکی تر لەبارەی هێرشەکەی کۆرش بۆ کاردۆخیا و دەوروبەری نییە، بەڵام دەرئەنجامەکەی ئەوەبوو کە دەوڵەتی لیدیای لەو ساڵەدا لە خۆرئاوای ئەنادۆڵ ڕووخاند و هەموو ئەنادۆڵ کەوتە دەست فارسە هاخامەنشییەکان (Crompton, 2008, p.51). ئەمەش دەتواندرێت وەک بەڵگەیەک بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچەکانی کاردۆخیاش هەژماربکرێت، ئەگەر وابێت دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی هاخامەنشی لە ٥٤٧ پ. ز. گەیشتووەتە کاردۆخیا و سنوورەکانی (الأحمد و الهاشمي، ١٩٨٦، ص ٩٨-٩٩)، چونکە ئەم ناوچەیە کەوتبووە سەر ڕێی سوپای هاخامەنشی و لەشکرکێشییەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردووە.

ڕێگەی شاهانە لە شاری سوسەوە بۆ شاری ساردیسی پایتەختی لیدیا، ڕێگەکە زۆربەی بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا تێدەپەڕی لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە لوڕستان و گەرمیاندا بەرەو دەشتی هەولێر و پاشان بە دەشتی نەینەوادا بۆ ناوچەکانی کاردۆخیا و جەزیرە و باکووری کوردستان و لەوێوە بۆ خۆرئاوای ئەنادۆڵ تا دەگەیشتە شاری ساردیس لەوپەڕی خۆرئاوای ئەنادۆڵ، ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕێگەیە لە دوای تێپەڕبوون بە گەرمیاندا لە خوار نەینەواوە ڕێگەکە دەبوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەرەو باکوور بەناو کاردۆخیادا دەڕۆیشت کە ئەو

ڕێگەیەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، بەڵام ڕێگەی دووەم لە خوار نەینەواوە ڕاستەوخۆ لە دیجلە دەپەڕییەوە و لە ناوچەی جەزیرەی خۆرئاوای کوردستاندا بە هێڵێکی ڕێک بەرەو ڕووباری فوڕات دەڕۆیشت و بە پەڕینەوە لە فوڕات بەرەو باکووری خۆرئاوا دەکشا و لە گۆشەی ئەسکەندەرونەوە بەرەو خۆرئاوای ئەنادۆڵ درێژەی دەبوو و دەگەیشتە شاری ساردیس (Strassler 2009, p.389, Map.5.52; Crompton, 2008, p.8). کۆرش لە چەند شەڕێکدا ڕووبەڕووی کرۆییسوس (٥٦٠-٥٤٦ پ. ز.)ی پاشای لیدیا بووەوە، وەک شەڕی ثیمبرا (Thymbra) و شەڕی پتێریا (Pteria) لە دەشتێکی نزیک شاری ساردیسی پایتەختی لیدییەکان و بەو شێوەیە لە دیسەمبەری ٥٤٧ پ. ز. لیدیا کەوتە دەست هاخامەنشییەکان و کۆتایی بە دەوڵەتی لیدیا هات( Herodotus, 1984, pp. 68-80; Ambler, 2001, p. 187, 210؛ الأحمد و الهاشمي، ١٩٨٦، ص٩٨). کتێبەکەی تری زەینەفۆن کە لەبارەی پەروەردەی کۆرش نووسیویەتی، ئامبەر دەڵێت ئەم کتێبەیان لە لایەن پسپۆڕانەوە زیاتر وەک نۆڤڵێکی سیاسی لێی دەڕواندرێت نەک وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی (Ambler, 2001, p. 187, 210). بەڵام ئەگەر بێت و جەنگەکە لە مانگی دیسەمبەر ڕوویدابێت ئەوا بەلایەنی کەمەوە سوپای کۆرش لە بەهارەوە تا زستانی ساڵی ٥٤٧ پ. ز. واتە زیاتر لە حەوت مانگ لە ڕێگەدابووە، ئەمەش واتای ئەوە دەدات هێرشەکەی ڕاستەوخۆ نەبووە و زۆر بە هێواشی ناوچە بە ناوچە سوپای کۆرش ڕۆیشتووە و ماوەتەوە و سوپای زیاتری کۆکردووەتەوە لە شاری لاریسا[1] و مێسپیلا[2]وە تا شاری ساردیس بۆ هێرشکردنە سەر لیدیا (نەخشەی ژمارە ١)( Ambler, 2001, pp. 187, 210).




نەخشەی ژمارە1: نەخشەی کاردۆخیا و شار و ڕووبارەکانی دەوروبەری. (ئامادەکردنی: توێژەر).

دوای ئەوەی یۆنانییەکان لە باکووری شاری مێسپیلا (نەینەوا) لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە هەندێک لە دیلەکان پێیان ڕاگەیاندن کە کاردۆخییەکان شەڕکەری بەهێزن و سوپایەکی گەورەی پاشای فارسیان تەفروتوناکردووە (زەینەفۆن، ٢٠٠٦، ١٢١). لە خوارەوە باس لە گێڕانەوەکانی زەینەفۆن دەکەین کە پەیوەستە بە مێژووی وڵاتی کاردۆخیا و دەوروبەری لەم سەردەمەدا. لەم گێڕانەوانەی زەینەفۆنەوە تێدەگەین کە میدییەکانی هەرێمی میدیا هاوسنووربوون لەگەڵ کاردۆخییەکان، بە بۆچوونی مێژوونووسی هاوچەرخ توپلین، لە ڕووباری زێی گەورە (زاپاتاس/ فیسکوس(Physcus)ەوە هەتا چیاکانی کاردۆخیا بەشێک بووە لە سنووری هەرێمی میدیا (Tuplin 2003, pp. 359-360).

بۆچـوونی جیـاواز هەیـە کـە ئایـا سـەرەتای چیاکـانی کاردۆخیـا لـە باشوورەوە لە کوێوە دەستپێدەکات؟ بۆچوونەکان بە شێوەیەکی گشتی چیاکانی جودی داغ لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری جەزیرە و باکووری زاخـۆ دادەنـێن، لەگـەڵ ئـەوەی بـە هـیچ شـێوەیەک نـاوی ڕووبـاری فیشـخابوور وەک خـۆی یـان بـە نـاوێکی تـر لـە ئاناباسیسـی زەینەفۆنـدا نـەهاتووە. لـە لایـەکی تـرەوە چیاکـانی باشـووری خۆرئـاوای دهـۆک یـان چیـای بێخێـر لـە باشـووری خۆرهـەڵاتی زاخـۆ وەک سـەرەتای چیاکـانی باشووری خۆرهەڵاتی کاردۆخیا دادەندرێت (Tuplin 2003, pp. 361-362).

## II. ئایا کۆرش هێرشی کردووەتە سەر کاردۆخیا؟

لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی یۆنانییـەکان لـە سـنووری کاردۆخیـا و دوای ئـەوەی تـەنها لـە نێـوان ڕووبـاری دیجلـە و کاردۆخییەکانـدا دەشـتێکی بەرتەسـک هـەبوو کـە ڕاسـتەوخۆ چیایـەکی لێژ بەرانبـەری بـوو و چەنـد لادێیەکی کاردۆخییەکان لە دەشتەکەدا بوون، پاشای هاخامەنشی لە نزیک بابـل ڕێگـەیان بـە سـوپای یۆنـانی دا بـەبێ شـەڕ و ڕووبەڕووبوونـەوە بکشـێنەوە، بـەو مەرجـەی لادێکـان تـاڵان نەکـەن و هـەرچییان ویسـت لـە خەڵکەکـەی بکـڕن، بـەڵام سـوپای فـارس کـە گەیشـتنە سـنووری کاردۆخییـەکان پێش ئـەوەی یۆنانییـەکان بگەنـە ئـەم لادێیانـە لادێکانیـان سوتاند، زەینەفۆن بە هاوڕێکانی دەوت دەبینن، ئەم فارسانەی سوپای شا، دان بـەوەدا دەنـێن کـە ئێـرە خـاکی خۆیـان نییـە، چـونکە ئەم نـاوچەیە بە خـاکی خۆیـان دانـانێن لادێکـان دەسـووتێنن، ئەگەر ئەوان ئێـرە بە خـاکی خۆیان نازانن، ئەوا دەبێت ئێمە بە خاکی خۆمانی بزانین (زینۆفۆن، ١٩٨٥، ص ١٦٤)، چـونکە بە درێژایـی ڕێگەکە لە بـابلەوە بـۆ کاردۆخیـا سـوپای فارس تکایان دەکرد کە یۆنانییەکان لادێکان نەسووتێنن و تاڵانی نەکەن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیە ناوجەرگەی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی بوو، بەڵام وا دیارە هاخامەنشییەکان دەسەڵاتیان لە وڵاتی کاردۆخیادا زۆر لاواز بوو یان هەر نەبوو. لەبەر ئەوە لادێکانیان دەسووتاند، زەینەفۆن وتی *جا ئەگەر فارسەکان خۆراکیان لە شوێنێک دانابێت ئەوا ئێمە دەچینە ئەو شوێنە، با ئەم موڵکانە بە ئی خۆمان دابنێین و نەهێڵین بسووتێن. خیریسۆفۆسی سەرکردە و هاوکاری زەینەفۆن گوتی: زینۆفۆن، باوەڕناکەم، بەڵام دەزانی چی، با لە سووتاندندا یارمەتییان بدەین، ڕەنگە ئەوکاتە زووتریش بووەستن*" (زینۆفۆن، ٢٠٠٦، ل.١١٩-١٢٠)." ناوەرۆکی ئەم دەقە و سووتاندنی گوندەکانی سنووری کاردۆخیا لەلایەن فارسەکانەوە لە لایەن زەینەفۆنەوە وا لێکدراوەتەوە کە سوپای هاخامەنشی فارسی ئەم ناوچەیەی بە خاکی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی نەزانیوە، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەو ناکۆکییە کۆنانەی نێوان کاردۆخی و فارسەکان بگەڕێتەوە کە لەوەوپێش ڕوویانداوە، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەبووە کە یۆنانییەکان سوود لەو خواردنە وەربگرێت.

یۆنانییەکان ناچاربوون بەرەو قوڵایی خاکی کاردۆخیا بڕۆن، چونکە لە پشتیانەوە سوپای فارسەکان هێرشی بۆ دەهێنان، لایەکی چیاکە زۆر لێژبوو، لایەکەی تریشی بەرانبەر ڕووبارێکی قوڵ بوو. یۆنانییەکان کەوڵی گا و بزنیان فووتێدەکرد و لە دیجلە دەپەڕینەوە (زینۆفۆن هەمان سەرچاوە، ١٢٠). یۆنانییەکان چەند دیلێکی سوپای هاخامەنشییان پێبوو، دیلەکان بە زەینەفۆنیان گوت، باشوور ڕێگەی بابل و وڵاتی میدیایە، کە هەر ئەم ڕێگەیەبوو کە پێیدا هاتبوون، ڕێگەی خۆرهەڵاتیش دەتانگەیەنێتە سوسە و ئەکباتانا (*Kbatena*) (مەبەست شاری هەمەدانە کە لەوەوپێش پایتەختی میدییەکان بوو) کە دەڵێن هاوینەهەواری پاشای هاخامەنشییە (زینۆفۆن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.١٢١). ئەگەر کەسێک لە ڕووبارەکەوە بەرەو خۆرئاوا بڕوات ئەوا دەگاتە لیدیا و ئایۆنیا. ڕێگەی

باکووریش بەودیو چیاکاندا دەچێتە وڵاتی کاردۆخیا. دیلەکان لەبارەی کاردۆخییەکان وتیان: *"ئەو خەڵکەی لە چیاکاندا دەژین شەڕکەری زۆر ئازان، جارێکیان لەشکرێکی ١٢٠٠٠٠سەد و بیست هەزار سەربازی پاشای فارس چوونە ناو وڵاتەکەیان، بەهۆی سروشتی سەختی ناوچەکەوە یەک سەربازیش نەگەڕایەوە"* ( زینۆفۆن، ٢٠٠٦، ل.١٢١). کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی فارسی کە ١٢٠هەزار سەربازبوون، ئەگەر ڕووداوەکەش ڕوویدابێت زیادەڕەوی تێدایە. ئەگەر کوشتنی ئەم ژمارە سەربازەی سوپای هاخامەنشی لە وڵاتی کاردۆخیا بە ڕووداوە مێژووییەکانەوە پەیوەستبکەینەوە، ئەوا دەبینین کە یەکەم سوپای فارسی هاخامەنشی کە بەوێدا تێپەڕیوە سوپاکەی پاشا کۆرش بوو کە لە ساڵی ٥٤٧ پ. ز. لە خوار شاری ئەربێلا لە دیجلە پەڕییەوە و بەرەو وڵاتی لیدیا سوپای جوڵاندا (Kuhrt, 2007, p.50)، بەڵام ئایا سوپاکەی کۆرش دوای پەڕینەوە لە دیجلە ڕاستەوخۆ بەرەو لیدیا ڕۆیشتووە و ڕووە و ڕۆژئاوا ڕۆیشتووە یان بەرەو باکوور و ڕووەو وڵاتی کاردۆخیا و ئورارتو؟ ئەگەر بەوێشدا ڕۆیشتبێت و ژمارەیەکی زۆریش لە سوپاکەی کوژرابێتن ئەوا هەر لەسەر پلانی هێرشکردنە سەر وڵاتی لیدیا بەردوام بووە و دەوڵەتی لیدیای لە خۆرئاوای ئەنادۆڵ ڕووخاندووە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕووداوە لە سەردەمی کۆرشدا نەبووبێت ئەوا لەوانەیە لە سەردەمی داریوشی یەکەمدا بووبێت، لە سەروبەندی ڕاپەڕینەکانی ناوچەکە دژی فارسە هاخامەنشییەکان، بەڵام لە هەموو بارێکدا کوژرانی ١٢٠ هەزار سەرباز ژمارەیەکی زۆر زۆرە و زیادەڕەوی زۆر لە گێڕانەوەیدا کراوە.

لەمانەی ئاماژەمان پێدا گرنگتر ئەوەیە کە دیارە هاخامەنشییەکان دوای ئەو شکستەی کە لە وڵاتی کاردۆخەکان توشیان بوو نەیان توانیوە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان لەم ناوچانە بچەسپێنن، لەم دەقەوە تێدەگەین کە

دەوڵەتی هاخامەنشی وێڕای ئەو هەژموون و هێزەی هەیبوو، ناچار بووە ڕێککەوتن لەگەڵ کاردۆخەکان بکات و حیسابیان بۆ بکات، هەروەها ئەم دەقە نیشاندەری ئەوەیە کە کاردۆخەکان هەم خودان دەسەڵاتی ناوخۆیی بوون و هەمیش خاوەن سوپایەکی بەهێز.

## III. ڕاپەڕینی هەرێمەکان دژی دەسەڵاتی شاهانەی هاخامەنشی

لە ساڵی ٥٢٢ پ. ز. ڕاپەڕینێکی فراوان لە ناوچە جیاجیاکانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی ڕوویدا و لە هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی سنووری ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشیدا، لە هەر ناوچەیەک سەرکردەیەک سەرپەرشتیی ڕاپەڕینەکەی دەکرد، و تەنانەت لەناو فارسەکانیشدا سەرکردەیەک کە ناوی گاوماتا (باردیا) بوو ڕاپەڕی، لەم کاتەدا کامبیر (قەمبیز)ی پاشای فارسەکان لە میسرەوە گەڕایەوە بەڵام لە بارودۆخێکی گوماناویدا مرد (کوژرا) (باقر و آخرون, ١٩٧٩، ص ٥٢). داریوشی یەکەم وەک پاشای فارس دەستنیشانکرا و ئەرکی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی گرتەئەستۆ. داریوش لە نووسینەکانی چیای بێستون دەڵێت ڕاپەڕینی بیست و سێ نەتەوەم دامرکاندەوە، لەو نەتەوە و وڵات و هەرێمانەی ناوی هێناون بریتین لە فارسەکان، عیلامییەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان، عەرەبەکان، میسرییەکان، گەلانی دەریا(ی ناوەڕاست)، ساردییەکان، ئایۆنییەکان، میدییەکان، ئەرمینییەکان، کەپپادۆکییەکان، ئەشکانییەکان، درانگییەکان، ئارییەکان، چۆراسمییەکان، باکتیرییەکان، سوگدییەکان، پاراوپارسییەکان، سکیثییەکان، ساتتاگدییەکان، ئاراخۆسییەکان، و ماکا (Parian 2017, p.3؛ فیزهوفر ٢٠٠٩، ص٣٦). داریوش ڕاستەوخۆ باسی کاردۆخیا و کاردۆخییەکانی لەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەدا نەکردووە، بێگومان ئەگەر تەنانەت لەناو فارسەکان و گەلانی ئێرانی کۆن و دەوروبەریدا ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان

کرابێـت ئـەوا بێگومـــان ناوچـــەی کاردۆخییـــەکانیش لـــەژێر دەســـەڵاتی فارســەکان نــەماوە. لەبــەر ئــەوە لێــرەدا دەبێــت بــاس لــە دراوســێکانی کاردۆخیا بکەین. لە وردەکاریی نووسینەکانی بێستون دەگێڕێتەوە سەرەتا ڕاپەڕینەکـە لـەناو فـارس و میدییەکانـەوە سـەریهەڵدا کـە: "*موغێگ، نـاوی گاوماتـا بـوو، لـە شـاری ناشـریما، لـە چیـای هاراککاتـارریش... وتـی: مـن باردیا (سمێردس)ی کوڕی کۆرشـی بـرای کامبیسـم.*"( Tolman, 1908, p.10; Parian 2017, p.3.). داریوش دەڵێت باردیا/سمێردیس برای ڕاسـتەقینەی کـامبیس بـوو و هـەردووکیان کـوڕی کـۆرش بـوون، بـەڵام کـامبیس پـێش ئـەوەی هێـرش بکاتـە سـەر میسـر سمێردیسـی کوشـتووە. داریوش یەک لە دوای یەک باسی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکان و کۆتکردن و کوشتنی سـەرکردەکانی ڕاپەڕینـەکان دەکـات، لـەناو ئـەو سـەرکردانەشدا فراوۆرتیسـی بنەماڵـەی کەیخوسـرەوی پاشـای میدیا ( Tolman 1908, p.17). بـە هـەمان شـێوە یـەکێکی تـر لـە سـەرکردە میدییـەکان لـە هـۆزی سەگارتی بوو ناوی چیترانتاخما بوو و خۆی بە نـەوەی کەیخوسـرەوی میـدیا ناســاندووە و دژی فارســەکان لــە شــاری ئــەربیرا (ئــەربیل)ەوە ڕاپــەڕیوە و داریــوش بــاس لــە دامرکاندنــەوەی ڕاپەڕینەکــەی دەکــات، نازاندرێت سنووری دەسەڵاتی ئەم میرە میدییە چەندێک فراوان بووە و گەیشتووەتە ڕۆخی ڕووبـاری دیجلـە و کاردۆخیـا یـان تـەنها لـە هـەولێر و دەوروبـەری بـووە (Tolman 1908, p.29). هـەروەها دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕینەکـــەی ئارامینیـــا (ئـــەرمینیا) لەلایـــەن داریوشـــەوە و دووبـــارە داگیرکردنـــــەوەی ئـــــەرمینیا نیشـــــاندەری ئەوەیە کە دەســـــەڵاتی هاخامەنشـییەکان لە کاردۆخیـاش نەمـاوە، چـونکە هاوسـنووری ئەرمینیـا بـووە، گومـانی تێـدانییە کە وڵاتـی کاردۆخەکـانیش دەکەوتە سـەر ڕێگـای سوپای هاخامەنشی جا لە کاتی تێپەڕین بووبێت بە کاردۆخیادا بۆ گرتنـی ئەرمینـا یـــان بـــە پێچەوانـــەوە، کە ئەمەش وایکـــردووە جـــارێکی تـــر لە سـەردەمی داریوشی یەکەم ئەم ناوچانە داگیربکرێنەوە، ئەوەبوو داریوش

هـەر زوو لـە مـاوەی سـاڵێکدا توانیویـەتی ئـەو ناوچانـە بخاتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپڕاتۆریـەتی هاخامەنشـی و بـەرەو ئـەنادۆڵ و کـەناراوەکانی یۆنـان و گریکسـتان پەلبکێشـێتەوە (اسـتراجیان، ١٩٥١، ص ٥٥). هـەروەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا هـیچ وردەکارییـەک لەبـارەی کاردۆخیـا و ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٥٢٢ پ. ز. ەوە لەبەردەستدا نییە.

لـە دوای دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕینـەکان داریوشـی یەکـەم سـنوور و کـارگێڕیی ویلایەتـەکانی ئیمپڕاتۆریـەتی هاخامەنشـی لـە بیسـت و سـێ ساتراپ (Satrap)[٣] دا ڕێکخسـتەوە و دواتـر سـێ ویلایـەتی تـری بـۆ زیـادکرد و بـوو بـە ٢٦ سـاتراپ، سـنووری سـاتراپەکان بچووکتربـوون لەوانەی سەردەمی کۆرش (باقر و آخرون ١٩٧٩، ص ٥٧-٥٨ ؛ الأحمد و رشـید ١٩٨٨، ص ٣٧٤). بەشـێک لـە پسـپۆڕان پێیانوایـە ئـەو دابەشـکردنە کارگێڕییانەی داریوشی یەکەمی فارس لە شێوەی ساتراپدا دایمەزراندن بنەچەکـەیان لـە سـەردەمی کۆرشـی دامەزرێنـەری ئیمپڕاتۆریـەتی هاخامەنشـیدا هـەبووە و ئـەویش لـە دابەشـکردنە کارگێڕییـەکانی ئیمپڕاتۆریەتی میدیاوە وەریگرتووە (باقر و آخرون، نفس المصدر السـابق، ص ٥٧-٥٨).

## IV. هێزی سەربازیی کارداکس

جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید دەڵێن مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆتس (٤٨٠-٤٢٥ پ. ز.) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی هیستۆریا باسی لە هێزێکی سەربازی تایبەت لە سوپای داریوشی یەکەمی هاخامەنشیدا کردووە و بە شێوەی (کارداکس) ناوی هێناون، ئەم کارداکسانە لە لایەن ئەحمەد و ڕەشیدەوە بە کاردۆخی داندراون (أحمد و رشید، ١٩٩٠، ص ١٣٧)، و پەیوەستکراونەتەوە بە دانیشتووانی شار و وڵاتی (کاردا) کە لە نووسینە مێخییەکانی سەردەمی بابلی و ئاشووریی کۆندا ناویان هاتووە

(أحمد و رشيد ١٩٩٠، ص ١٣٧؛ رشيد ٢٠٠٣، ج٢، ص ٢٢)، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە زۆر لەناو کتێبەکەی هیرۆدۆتسدا گەڕاین شتێکی وامان بەرچاونەکەوت (Herodotus, 1984).

## 7. تێپەڕینی دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە بە وڵاتی کاردۆخیادا

پاشای هاخامەنشی ئارتاخشاستا/ئارتاخشاچای دووەم ( ٤٠٤-٣٥٨ پ. ز.)(Artaxerxes II) بووە پاشای ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی. کۆرش برا بچووکی ئارتاخشاستای دووەم بوو، بە کۆرشی بچووک ناسرابوو، چونکە کۆرشی دووەم کە دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی بوو بە کۆرشی مەزن ناسرابوو (باقر و آخرون، ١٩٧٩، ص ٧٢؛ الأحمد و الهاشمي، ١٩٨٦، ص١٢٥). کۆرشی بچووک چاوی بڕیبووە تەختی شاهانەی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی و دەیویست بەهەر شێوەیەک بێت ئارتاخشاستای برای لە تەختی شاهانە لاببات و خۆی بچێتە جێگەی (یحي ٢٠١٥، ص ١٠٤). لەگەڵ ئەوەی ئارتاخشاستا کۆرشی برای کردبووە فەرمانڕەوای هەرێمە ئایۆنییەکان و خۆرئاوای ئەنادۆڵ، بەڵام کۆرش سوپایەکی بەکرێگرتەی لە ئایۆنییەکان و گریکەکان و ناوچەکانی تر ئامادەکرد و بە ئەنادۆڵ و وڵاتی شامدا بەرەو وڵاتی بابل بەڕێکەوتن، لە نزیک بابل لە شەڕی کوناکسادا (Cunaxa) لە نزیک گوندی کوناکسا لە ساڵی ٤٠١ پ. ز.( الأحمد و رشيد ١٩٨٨، ص ١٢٤-١٢٥؛ باقر و آخرون ١٩٧٩، ص ٧٢). کە لەنێوان سوپای هاخامەنشی بە سەرکردایەتی پاشا ئەرتەحشەشتا و سوپاکەی کۆرشی برا بچووکی ڕوویدا، لەگەڵ سەرکەوتنی کاتیی سوپای کۆرش، کۆرش هێرشی زیاتری برد و ئەوەندە چووە پێشەوە بۆ ئەوەی خۆی براکەی خۆی بکوژێت و ببێتە شا لە جێگەی، بەڵام سوپای هاخامەنشی کۆرشیان کوشت، بە کوژرانی کۆرش شەڕەکە پێچەوانەبووەوە و سوپای ئایۆنی و گریکی کە هاوکار و

کرێگرتەی کۆرش بوون کشانەوە و سوپا تایبەتەکەی کۆرش کە زیاتر لە فارسەکان پێکهاتبوون خۆیان ڕادەستی سوپای هاخامەنشی کرد (بتري ١٩٧٧، ص ٤٤).

یۆنانییەکان بیریان لە دەربازبوون کردەوە، چونکە بە کوژرانی کۆرش ئەوان هەموو دەستکەوت و پاشەکەوتێکیان لەدەستچوو. لەبەر ئەوە بە باشیان زانی ڕووەو باکوور بە ڕۆخی ڕووباری دیجلەدا سەربکەون، هەتا هەرچی زووە لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان دوورکەونەوە (باقر و آخرون، ١٩٧٩، ص٧٣). دوای زیاتر لە بیست ڕۆژ مانەوە لە وڵاتی بابل، یۆنانییەکان لەگەڵ پاشای هاخامەنشی ڕێکەوتن کە بەبێ شەڕ بکشێنەوە، بە مەرجێک لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا هیچ لادێیەک تاڵان نەکەن و ئەو خواردنەوەی پێویستیانە لە خەڵکی ئەو ناوچانەی بکڕن کە پێیدا تێدەپەڕین. یۆنانییەکان نەیاندەتوانی بە کەناری فوراتدا بگەڕێنەوە بە هەمان ئەو ڕێگەیەی کە هاتبوون، چونکە بە درێژایی ڕێگەکە لێیان دەدرا و تەفروتونا دەبوون. لەبەر ئەوە بە ناچاری کشانەوە بەرەو باکوور، سوپای فارس دووربەدوور بەدوای یۆنانییەکانەوە، فارسەکان نەیاندەویست شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ئەو لەشکرە گەورەیەدا بکەن کە لە نێوان ١٠٠٠٠ بۆ ١٣٠٠٠ سەربازی بەکرێگیراوی یۆنانی دەبوون، چونکە ئەگەر هیچ دەرفەتێکیان نەمایە ئەوا زیانێکی زۆریان لە سوپای فارس دەدا پێش ئەوەی تەفروتونا ببن، لەبەر ئەوە پلانی سەربازیی فارسەکان زیرەکانەبوو، ئەویش هێشتنەوەی دەرچەی کشانەوەبوو، ئەمە جگە لەوەی پێش ئەوەی سوپای کشاوەی یۆنانی بگاتە وڵاتی کاردۆخیا، فارسەکان زەبرێکی کوشەندەیان لە سوپای یۆنانیدا، ئەویش لە ڕێگەی خیانەتکردن لێیان و داوەتکردنیان بۆ کۆبوونەوە لە باشووری خۆرئاوای ئەربێلا لەو ناوچەیەی ئێستا پێی دەڵێن دەشتی شەمامۆک، تێزەفرانەی سەرکردەی سوپای شاهانەی

هاخامەنشیی فارسی فرسەتی هێناو سەرکردە یۆنانییەکانی داوەتکرد بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام هەموویانی غافڵکوژکرد (زینۆفۆن، ٢٠٠٦، ل ٨٣-٨٤). زەینەفۆن و سەربازە یۆنانییەکان کە لە خێوەتگەکە مابوونەوە و ئامادەی ئەم داوەتە نەبوون، دەبوو زوو خۆیان دەرباز بکەن، سەربازەکان چەند سەرکردەیەکیان هەڵبژارد، زەینەفۆن یەکێک بوو لەو سەرکردانە، وەک ڕێبەرێک بۆ ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی فارسەکان ڕزگاریان بکەن. لە ترسی ئەوەی فارسەکان گورزی تریان لێبەدەن، یۆنانییەکان زوو لە ڕووبای زاپاتاس (زێی گەورە) پەڕینەوە (زینۆفۆن، ٢٠٠٦، ل ٨٣-٨٤). لەبەر ئەوە زەینەفۆن ئەرکی سەرکردایەتیکردنی یۆنانییەکانی گرتەدەست و کشانەوە بۆ وڵاتی کاردۆخیا. فارسەکانیش هەر ئەوەیان دەویست کە یۆنانییەکان بەبێ سەرکردە بەرەو کاردۆخیا بکشێنەوە، ئەمە جگە لەوەی لە دوای کوشتوبڕی سەرکردە یۆنانییەکان لە لایەن فارسەکانەوە چیتر یۆنانییەکان خواردن و کەلوپەلیان نەدەکڕی لە خەڵکی گوندەکان بەڵکو کەوتنە تالانی و گەڕان بۆ سەرچاوە خۆراکییەکان لە ناوچەکەدا، فارسەکانیش دیارە مەبەستیان بوو کە یۆنانییەکان و کاردۆخییەکان توشی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە بکەن، هەروەک مێژوونووس جۆن لی دەڵێت، چونکە فارسەکان دڵنیابوون لەوەی کە سوپای یۆنانی لەو شاخ و دەربەندە سەختانەی کاردۆخیادا کەسیان بە زیندوویی ڕزگاریان نابێ (Lee 2007, p.26).

سوپای کشاوەی یۆنانی بە کاردۆخیادا تێپەڕین، سەرەتای چوونە ناو کاردۆخیا ڕوون نییە کە لە چ شوێنێکەوە کاردۆخیا بووە، هەندێک لە پسپۆڕان ناوچەی جەزیرەی بەرانبەر زاخۆ لە دیوی ئەمڕۆی سنووری دەوڵەتی تورکیا لە باکووری کوردستان بە دەستپێکی وڵاتی کاردۆخیا دادەنێن (Lee 2007: 28). بەڵام شاری جەزیرەی ئەوبەر فیشخابوور و زاخۆ شوێنێکی دوورە بۆ ئەوەی بە سەرەتای وڵاتی کاردۆخیای

دابنێین، بەڵکو دەبێت زۆر پێش ئەو شوێنە بە وڵاتی کاردۆخیا دابندرێت، دەتوانین بڵێین لەو شوێنەی کە سوپای هاخامەنشیی فارسی وازیان لە ڕاوەدوونانی سوپای کشاوەی یۆنانی هێنا، لەو شوێنەوە کاردۆخیا دەستپێدەکات. لە باکووری میسپیلا (شاری موسڵ و نەینەوای کۆن) پێش گەیشتن بە چیاکانی نزیک پارێزگای دهۆکی ئەمڕۆ، ئیتر فارسەکان کەوتنە سووتاندنی گوندەکانی کاردۆخییەکان (زینۆفۆن، ٢٠٠٦، ل.١١٩-١٢٠). لەبەر ئەوە لەو شوێنەوە دەکرێت بە وڵاتی کاردۆخیا دابندرێت. هەروەها سنووری باکووری کاردۆخیا لە لایەن زەینەفۆنەوە بە ڕووباری کەنتریتێس (Centrites) داندراوە، ئەم ڕووبارە بە ڕووباری بۆتانی لقی خۆرهەڵاتی دیجلە داندراوە کە بە نزیک شاری سعرتدا تێدەپەڕێت و دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە (زینۆفۆن، ٢٠٠٦، ل.١٣٤؛ رشید ٢٠٠٣: ج١، ص23 Lee 2007, p. 28؛ ).

## VI. ئەسکەندری مەکدۆنی[٤] و کاردۆخیا

لە دوای تێپەڕینی زەینەفۆن بە وڵاتی کاردۆخیادا هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی لەبارەی کاردۆخییەکان و ناوچەکەیان لە تۆمار و سەرچاوە مێژووییەکاندا نابیندرێت، مێژوونووسان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەسکەندەری مەکدۆنی لە چ شوێنێکدا لە ڕووباری دیجلە پەڕیوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێت لە شوێنێک پەڕیبووبێتەوە کە لە باکووری نەینەوا بووبێت (ولبانک ٢٠٠٩، ص٢١-٢٢؛ بتري، ١٩٧٧، ص ٥٥؛ جواد، ٢٠٠٨، ص١١).

لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی هاخامەنشیدا لە دوای تێپەڕین بە ناوچەکانی جەزیرەدا، ئەسکەندەر لە بەرانبەر چیاکانی کۆردوێنێ لە نزیک جەزیرە لە ڕووباری دیجلە پەڕییەوە و بەرەو باکووری گەوگەمێلا بە خۆی و سوپاکەیەوە بەڕێکەوت (Arrian Anab. ؛Marciak 2017, p. 184

3.77). بێگومــان ئەگــەر ســوپای کشــاوەی یۆنانییــەکان و زەینــەفۆنی سەرکردەیان بە ناچاری و بەبێ ویستی خۆیان لە مانگی ئۆکتۆبەردا گەیشتبنە ناوچەکانی نەینەوا و سنووری کاردۆخیا، ئەوا ئەسکەندەر و سوپاکەی بە ویستی خۆیان و بە مەبەست مانگی ئۆکتۆبەر و ئەو ناوچەیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەو بەشەی باکووری میسۆپۆتامیاوە بێنە ناوچەکەوە، چونکە ئەو ناوچەیە هەروەک سەدەیەک لەوەوبەر دەسەڵاتی هاخامەنشی تێدا لاوازبوو، جگە لەوەی کە مانگی ئۆکتۆبەر ئاووهەواکەی گونجاوتر بوو لە هاوینی گەرم و پایز و زستانی سارد، و بەهاری پڕ باران و بەفری تواوە کە ئاستی ڕووبارەکانی دیجلە و زێی گەورە پەڕینەوەی سوپا و کەلوپەلەکان تێیدا ئەستەم بوو، بەڵام لە سەرەتای پایزدا کاتێک ئەسکەندەر لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتەمبەردا لە دیجلە پەڕییەوە ئاوی ڕووبارەکە لە کەمترین ئاستیدابوو، لەبەر ئەوە دەکرێت گومان ببەین کە لەوانەیە ئەسکەندەر ئاگاداری تۆمارەکەی ئاناباسیسی زەینەفۆن بووبێت و هەوڵیدابێت سوودی سەربازی لێ ببینێ. لەوانەیە هۆکاری هەڵبژاردنی شوێنی گەوگەمێلا لە لایەن داریوشی سێیەمەوە بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەسکەندەر بکات و ڕووبەڕووی ببێتەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شوێنێکی ستراتیجی بووە و دارای سێیەمیش بۆ خۆی شارەزایی تەواوی لەو ناوچانە و ناوچەی ئەرمینیا و کاردۆخیا و ئەربێلا هەبووە، چونکە پێش ئەوەی بکرێتە پاشای هاخامەنشی پێشووتر وەک شازادەیەک، تا ساڵی ٣٣٦ پ. ز. فەرمانڕەوای ساتراپی ئەرمینیا و کاردۆخیا بوو. (زەکی بەگ ٢٠٠٦، ل ٨٧). لەبەر ئەوە ئەو شوێنە ستراتیجییەی هەڵبژارد کە نزیک بوو لە ڕووباری گۆمەل و دیجلە و زێی گەورەوە بۆ ئەوەی لە گەرمای سەرەتای پایزی ناوچەکە سوپاکەی بپارێزێت و بێ ئاوی خواردنەوە نەبن بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ل.١٤٥: زاموا ٢٠٠٩، ل ٧٢٦-٧٢٨). لە شەڕەکەدا ئەسکەندەر بە سەر داریوشدا سەرکەوت و لە ئەنجامی ئەم شەڕە ئیمپراتۆریەتی

هاخامەنشی ڕووخا و ناوچەکانی تر بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ کەوتنە دەست سوپای ئەسکەندەر (پیرنیا ۲۰۱۳، ص ۲۱۷؛ الأعظمي ۱۹۷۲، ص ۱۷).

بە ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی تەواوی کاردۆخیا و ناوچەکانی دەوروبەری کەوتنە سنووری ئیمپڕاتۆریەتەکەی ئەسکەندەر، بەڵام نازانین لەم سەرەتایەدا کە سوپای ئەسکەندەر لەگەڵ ئەسکەندەردا ڕوویان کردە بابل و پاشان بەرەو پایتەختەکانی ئێران لە ئەکباتانە و سوسە و پێرسیپۆلیس و پاسەرگادە و لەوێوە بەرەو هیندستان (باقر و آخرون ۱۹۷۹، ص ۷٦-۸۳). ئایا لەم سەردەمەدا ئەم ناوچەیەی کاردۆخیا چۆن بەڕێوەبراوە و بە کێ سپێردراوە؟ مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەدلیسی ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێش بە ئەسکەندەر دەکات و دەڵێت گوایە ئەسکەندەری مەکدۆنی قەڵای بەدلیسی (کە پێی وتراوە قەڵای ذولقرنین) دروستکردووە (بدلیسی،2006، ل٤٤٤). ئەم ئاماژەیە پێش هەموو شتێک پێمان دەڵێت ڕووداوی هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ناوچەکە سەدان ساڵ لە گێڕانەوەی خەڵکیدا ماوە و لە مێژووی زارەکی ناوچەکەدا بە زیندوویی ماوەتەوە. لە لایەکی تریشەوە هیچ تۆمارێکی مێژوونووسە یۆنانی و ڕۆمانییەکان باسیان لە گەیشتنی ئەسکەندەر بە ناوچەی بەتلیس نەکردووە، و وادەردەکەوێت کە ئەسکەندەر لە دوای جەنگی گەوگەمێلا (ئەربێلا) بەرەو شاری بابل ڕۆیشتبێت (عەبدوڵڵا، ۲۰۱۰، ل ۱٤٦)، لەوانەشە ئەگەر شاری بەتلیس لەو سەردەمەدا بنیادنرابێت ئەوا لە سەردەمی یەکێک لە پاشایانی یۆنانی سلوکییەکانەوە بنیادنراوە، بەڵام ئەم بۆچوونانە تەنها لە ڕووی بەڵگەی مێژوویی و شوێنەواری ڕاستەوخۆوە ساغ دەکرێنەوە، کە بە داخەوە لە ئێستادا بەردەستنین. بەڵام لە سەردەمی ئەسکەندەردا لەوانەیە کاردۆخییەکان دووبارە کەمێک سەربەخۆ بووبێتنەوە و کاتی ویستووە تا بخرێنە ژێر ڕکێفی ئەسکەندەر و

سلوقییەکان. لەبەر ئەوە ئەو ناوچە شاخاوییانەی کاردۆخیا بۆ ئەسکەندەر گرنگییەکی تایبەتی نەبوو بە بەراورد بە وڵاتی بابل و میدیا و فارس، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٣٣١ پ. ز. ەوە هەتا حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣ پ. ز. ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتە نوێیەکەی ئەسکەندەردا بوو، لە دوای مردنی ئەسکەندەر لە بەر نەبوونی شازادەیەکی جێنشین کە بتوانێت جێگەی باوکی بگرێتەوە لەبەر ئەوە سەرکردەکانی سوپای ئەسکەندەر لە حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣ پ. ز. لە کۆنگرەی بابل ڕێکنەکەوتن لەسەر دانانی سەرکردەیەک کە بتوانێت ئیمپڕاتۆریەتەکە بەڕێوەببات، لەبەر ئەوە ئیمپڕاتۆریەتەکەی ئەسکەندەر لەنێوان سەرکردەکاندا دابەشکرا و ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و هەموو زاگرۆس و ئێران و ناوچەکانی تر کە دەکەوتنە خۆرهەڵاتی ئێران و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی سووریا و هەموو ناوچەکانی جەزیرە و کاردۆخیا هەمووی کەوتنە سنووری دەسەڵاتی سلوقس کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی سوپای ئەسکەندەر و ئەویش دەوڵەتی سلوقیەی دامەزراند و پایتەختێکی نوێی بەناوی سلوقیە لە باشووری خۆرهەڵاتی بەغداد دامەزراند، هەروەها شاری ئەنتاکیە لە سووریا کرایە دووەم پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی سلوقی (نەخشەی ژمارە٢)( جواد ٢٠٠٨، ص ٣٤؛  پیرنیا ٢٠١٨، ص ٢٦٥).




نەخشـەی ژمـارە ٢: ڕێـڕەوی هێرشـەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی و داگیرکردنـی ناوچـەکانی خۆرهـەڵات و چوونـە قـوڵایی ئیمپڕاتۆریـەتی هاخامەنشـییەوە. وەک لــە نەخشــەکەدا دەردەکــەوێت ئەســکەندەر و سوپاکەی لە باشووری وڵاتی کاردۆخیا نزیک بوونەوە و پاشان بەرەو مەیدانی شـەڕی ئـەربێلا (گەوگـەمێلا) ڕۆیشـتوون. (وەرگێڕانـی نەخشـە لەلایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە: سەرچاوە: Roaf, 1996, p.214).

## کۆتایی و دەرئەنجامەکان

١. کاردۆخیا هەڵکەوتەیەکی ستراتیجیی شاخاویی سەختی هەبوو، سنووری کاردۆخیا لە چیاکانی باکووری نەینەوا و خۆرهەڵاتی دیجلەوە دەستپێدەکات کە هاوسنوور بوون لەگەڵ میدییەکانی ژێر دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان و سنووری باکووری کاردۆخیا هەتا ڕووباری کەنتریتێس (ڕووباری بۆتان) درێژدەبووەوە، و هاوسنوور بوون لەگەڵ ئەرمەنی و خالدییەکان.

٢. دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان لە وڵاتی کاردۆخیا بە تێپەڕینی سوپای کۆرش لە ساڵی ٥٤٧ پ. ز. دا بە ناوچەکەدا دەستپێ دەکات.

٣. ناوچەکە بە تەواوەتی ملکەچی دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان نەبوو، لە سەردەمی داریوشی یەکەمی پاشای هاخامەنشیدا لە ساڵی ٥٢٢ پ. ز. ناوی کاردۆخیا لەناو گەلان و ناوچە ڕاپەڕیوەکاندا نابیسترێت ئەمەش لەوانەیە واتای ئەوەبێت کە ناوچەکە دەسەڵاتی هاخامەنشی تێدانەبووە تا ڕاپەڕین دژیان بکرێت.

٤. تاکە سەرچاوەی مێژوویی کە باس لە وڵاتی کاردۆخیا بکات لە سەردەمی هاخامەنشیدا، کتێبی (ئاناباسیس)ی سەرباز و مێژوونووسی یۆنانی زەینەفۆنە، زەینەفۆن لەگەڵ ١٠ هەزار سەربازە یۆنانییەکەدا لە ساڵی ٤٠١ پ. ز. بە کاردۆخیادا کشانەوە.

٥. زەینەفۆن ئاماژە بە لاوازیی دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان لە کاردۆخیا دەکات و دەڵێت لە چیاکانی کاردۆخیا گەلێکی شەڕکەری لێیە کە جارێکیان سوپای شا(ی فارس) ١٢٠ هەزار سەربازی لەو ناوچەیەدا تیاچوون، ئەم ڕووداوە لەم توێژینەوەیەدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و ئەگەر ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینە بووبێت ئەوا دوو ئەگەرمان

دانـاوە، یـەکێکیان ئەوەیـە کـە ئـەو سـوپایە سـوپای کۆرشـی دووەم (کۆرشـی گـەورە) بووە کـە لـە سـاڵی ٥٤٧ پ. ز. دا بەوێدا تێپەڕیوە، یان سوپای داریوشی یەکەم بووە لـە ٥٢١ پ. ز. بـەڵام هیچ کام لـەم دوو ئەگەرە ناکرێت یەکلابکرێنەوە لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست.

٦. دەشـتە باریکـەکانی ڕۆخـی ڕووبـاری دیجلـە کـە لـە خۆرهـەڵاتـەوە بـە زنجیرە چیاکانی کاردۆخیا دەورەدرابوو، یـەکێک لـە لقەکانی ڕێگـەی شـاهانەی نێـوان شـاری سوسـە لـە عـیلام کـە پایتـەختی زسـتانەی هاخامەنشـییەکان بـوو و کۆشـکی پاشـا داریـوش بـوو، لەگـەڵ شـاری ساردیس کۆنـە پایتـەختی دەوڵـەتی لیدیا لـە خۆرئـاوای ئـەنادۆڵ، ئـەم ڕێگەیە کە بە ڕێگەی شاهانەی سوسـە-سـاردیس ناسـراوە یـەکێک لـە لقەکانی بە کاردۆخیادا تێدەپەڕی.

٧. ١٠ هـەزار سـەربازە کشـاوەکەی یۆنانییـەکان لەگـەڵ ئـەوەی کـە بـە ناچـاری بــە چیــا و دەربەنــدە ســەختەکانی کاردۆخیــادا تێپــەڕین، کاردۆخییەکان دەستیان لە سوپای کشاوەی یۆنانی نەپاراست و بە درێژایی ئەو هەفتەیەی یۆنانییەکان بە خاکەکەیاندا تێپەڕین لە هـەموو شوێن و دەرفەتێکدا بە شـەو و ڕۆژ لێیان دەدان و زیانێکی زۆریـان لە سوپای کشاوەی یۆنانی دا.

٨. کاردۆخییــەکان بــۆ پاراســتنی گیــانی خۆیــان و خێزانــەکانیان گوندەکانیان چۆڵ دەکردن و دەچوونە چیاکان.

٩. کاردۆخییـەکان سـوپایەکی ڕێکخراویـان نـەبوو، بـەڵام لـە تیرئەندازیدا زەینـەفۆن بـە سەرسـامییەوە باسـی بـەهێزیی تیرەکانیـان دەکـات، هــەروەها لــە چیــا بەرزەکانــەوە تاوێریــان غلــۆردەکردەوە بــۆ پەرتەوازەکردنی سەربازانی یۆنانی.

## پەراوێزەکان:

١- ئەگەر کۆرش زیاتر لە حەوت مانگ لە ڕێگەدابووبێت لە پەڕینەوەی لە ڕووباری دیجلە لە باشووری هەولێرەوە هەتا شەڕەکانی نزیک شاری ساردیسی پایتەختی لیدیا، کەواتە کاتێکی باشی لەبەردەستدابووە بۆ ئەوەی بە هێواشی ناوچەکانی تر داگیربکات. لەوانەیە سەرەتا شاری لاریسا (نەمرود) و مێسپیلا (نەینەوا)ی داگیرکردبێ، کە لەو کاتەدا میدییەکان لێی دەژیان، زەینەفۆن باس لە شوێنەوار و کەلاوەکانی شاری لاریسا (شوێنەواری نەمرود کە پاشماوەی شاری کالەخی پایتەختی ئاشوورییەکان بوو) دەکات(زینفون، ١٩٨٥، ص ١٥٥). زەینەفۆن دوو چیرۆک یان دوو ڕووداوی مێژوویی زارەکی ناوچەکە دەگێڕێتەوە کە باس لە هێرشی فارسەکان بۆ سەر ئەم دوو شارە دەکات (زەینەفۆن، ٢٠٠٦، ١١٣). زەینەفۆن دەڵێت لە کۆندا میدییەکان لە شاری لاریسا و میسپێلا دەژیان. وەسفی شاری لاریسا دەکات و دەڵێت شوورای شارەکە ئەستوور بوو، بە ئەستووری ٢٥ پێ (٧.٦م)، و بەرزی ١٠٠ پێ (٣٠.٤م) و، شارەکە شوورایەکی بازنەیی هەبوو درێژییەکەی شەش میلی بازنەیی (٩کم) دەبوو، بناغەکەی بەردین بوو، و بەشی سەرەوەی بە خشت دروستکرابوو (زەینەفۆن، هەمان سەرچاوە، ل ١١٣). زەینەفۆن باس لە ڕووداوێکی مێژوویی دەکات کە گێڕانەوەکەی تێکەڵ بە ئەفسانە کراوە، دەڵێت: "*شای فارسەکان گەمارۆیدا، هەورێکی ڕەش دایپۆشی، دواتر خەڵکەکەی چۆڵیانکرد و شارەکە گیرا*." Xenophon, Anabasis, 7:4.3. ). هەروەها زەینەفۆن چیرۆکێکی تریش لەبارەی شاری مێسپیلا (نەینەوا-موسڵ) دەگێڕێتەوە. لە دوای شاری لاریسا، یۆنانییەکان بە یەک ڕۆژ ١٨ میلیان بڕی و گەیشتنە شاری مێسپیلا (لە کتێبەکەی زەینەفون بۆ دیاریکردنی مەودای ڕۆیشتن دەستەواژەکانی میل بەکارنەهێندراوە، بەڵکو دەڵێت ئەوەندە مەنزڵە یان ڕۆژە ڕێیە بوو دەستەواژەی (پلترا) شی بەکارهێناوە کە یەکەیەکی پێوان بووە لای یۆنانییەکان، ڕەنگە دیاریکردنی مەوداکە بە میل کاری وەرگێڕی کتێبەکە بووبێت، لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا پاراسەنگ (Parasang) بەکارهێندراوە.

٢- له دوای شـاری لاریسـا، به دووری ١٨ میـل بـەرەو ڕۆژئـاوا شـاری مێسپیلا( Mespila)ی لێبوو (شوێنەواری مێسپیلا بە پاشماوەی شاری نەینەوا لە تەل تەوبە و گردی قۆینجـەق لـە موسـڵ داندراوە) (زینفون، ١٩٨٥، ص ١٥٥). زەینەفـۆن دەڵێـت ئەم شـارە لەوەوپـێش میـدییەکانی لـێ دەژیـان، بنـاغەی شـووراکانی شـارەکە لە جـۆرە بەردێکـی سـپی گەش دروسـتکرابوو و لە نـاو بەردەکاندا وردە قەپێلکی هێلکە شـەیتانۆکەی تیابوو، ٥٥ پێ پان (١٦.٧م) و ٥٠ پـێ(١٥.٢م)بەرز بـوو، لە دیـوارێکی خشـت دروسـتکرابوو پـانییەکەی ٥٠ پـێ (١٥.٢م) و بەرزییەکەی ١٠٠(٣٠.٤) پێ و درێژی شووراکە ٨ میل بـوو. لەبارەی ئەوەی کە ئایا کێ لەم شـارە ژیـاوە، زەینەفۆن دەڵێت دوای ئەوەی میدیا ژنـی پاشـاکەیان کە ئیمپراتـۆریەتەکەی لەدەسـتچوو پەنـای بـۆ ئەم شـارە هێنـاوە. فارسەکان گەمارۆیـان داوە، زەینەفۆن دەڵێت: "*دەگوترێت شاژنی پاشای میدیا لەو شوێنە هەڵهاتووە، ئەو کاتەی کە میدییەکان لە لایەن پاشای فارسەکانەوە لە دەسـەڵاتەکانیان داماڵدران، پاشـای فارسـەکان گـەمارۆی شـوێنەکەیدا، بـەڵام بە تێپەڕبوونی کات یان بە درێژکردنەوەی گەمارۆکە یان بە هێز نـەیتوانی شـارەکە بگرێـت. لـە کۆتاییـدا خواوەنـد زیـۆس* (لێرەدا مەبەسـت لـە زیـۆس خواوەنـدی بروسکەیە کـە لـە نەینـەوای کۆندا لـە نووسـینە مێخییەکاندا بـەپێی زمـانی دەقـە مێخییەکان و سەردەمەکان چەند ناوێکی هەبووە وەک ئیشـکور، ئـەدەد، تیشـوب) *دانیشـتوانی شـارەکەی ترسـاند بـە گـەردەلولێکی بارانـاوی و برووسـکە، بـەم شێوەیە توانی شارەکە بگرێت* (Haupt, (1907), p. 100؛ زێنۆفۆن، ٢٠٠٦، ل ١١٣). پسـپۆڕان شـاری مێسـپیلا بـە شـاری موسـڵ (نەینـەوای کـۆن) دادەنـێن (Haupt (1907), p. 100). ئەم بۆچوونەش تەواو لە جێگەی خۆیدایە، چونکە وەک زەینـەفۆن ئاماژەی پێکردووە دووریی نێوان لاریسـا (نـەمرود) و مێسـپیلا (نـەینـەوا) تـەنها یـەک ڕۆژەڕێ لـە نێوان شـاری لاریسـا و مێسـپیلاوە دوورە و دوورییەکەی بە ١٨ میل داناوە، هەرچەندە لە ڕاستیدا دووریی نێوان نـەمرود و نەینەوا زیاتر لە ٢٠ میل دەبێت و مەزەندەکـەی زەینـەفون نزیکە لـە ڕاستییەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە لە ساڵی ٥٤٧ پ. ز. دا کـە فارسـەکان گەیشـتنە دەشـتی نەینـەوا میدییـەکان لـەوێ دەژیـان و لـە باکووریشـەوە کـە چیاکـانی کاردۆخیـا دەستپێدەکات کاردۆخییەکان ژیاون.

٣-ساتراپ Satrap زاراوەیەکی یۆنانییە بە واتای "چەتری فەرمانڕەوایی"، دێت، لە بنەڕەتدا لە (خشاثرا= خوسرەو= اشا)ی میدییەوە چووەتە زمانی فارسی کۆنەوە و گۆڕانکاری بەسەرداهێندراوە، و لە سەردەمی دارای یەکەمی هاخامەنشی بە ناوی (خششرپوان) بوو واتا پاسەوان یاخود پارێزگاری شانشین (پیرناه، ٢٠١٣، ص١٧٨). بەشێک لە پسپۆڕان پێیانوایە ئەو دابەشکردنە کارگێڕییانەی داریوشی یەکەمی فارس لە شێوەی ساتراپدا دایمەزراندن بنەچەکەیان لە سەردەمی کۆرشی دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشیدا هەبووە و ئەویش لە دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ئیمپڕاتۆریەتی میدیاوە وەریگرتووە. ساتراپەکان بریتی بوون لە ساتراپی فارس، عیلام، بابل، ئاشوور، ناوچەی جەزیرە، میسر، ناوچەکانی باشووری ئەنادۆڵ، ساردیس (کۆنە پایتەختی لیدیا لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ)، دوورگە یۆنانییەکان، میدیا، ئەرمینیا، پارثیا (ناوچەی ئەشکانییەکانە لە خوراسان و دەوروبەری)، درانگیانا (سیستان و ناوچەکانی ئەودیو سنووری ئێران- ئەفغانستان)، قەوقاز، باکتریا (خەوارزم)، کەپەدۆکیا (ناوەڕاستی ئەنادۆڵ)، ئەفغانستان، سوگدیا(ئۆزبەکستان، کازاخستان، تاجیکستان، توۆ، قەندەهار، سیکیثیا، مساگیتا، ئارخۆسیا، ماکا(بەلوچستان و بەشێک لە خۆرئاوای پاکستان)، و دواتریش ساتراپەکانی لیبیا و نەوبە و تراکیا زیادکران (باقر و آخرون ١٩٧٩، ص ٥٧-٥٨).

٤-ئەسکەندەری مەکدۆنی کە بە ئەسکەندەری گەورە ناسراوە، کوڕی فیلیپی مەکدۆنی بوو، مەکدۆنیا هەرێمێکی بچووک بوو لە باکووری خۆرهەڵاتی نیوەدوورگەی گریکستان، فیلیپ توانی مەکدۆنیا و گریکەکان و ئەوانی تر کۆبکاتەوە، لە دوای کوژرانی فیلیپ لە ساڵی ٣٣٦ پ. ز.، ئەسکەندەری کوڕی کە لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدابوو توانی سەرکردایەتیی مەکدۆنیا و گریک و یۆنانییەکان بکات و لە ساڵی ٣٣٣ پ. ز. بەرەو خۆرئاوای ئەنادۆڵ پەڕییەوە و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی سوپای هاخامەنشی بووەوە و توانی لە شەڕەکانی ئیسوس و گرانیکوس لە ئەنادۆڵ بەسەر فارسەکاندا سەربکەوێت و پاشان ڕووی کردە کەناراوەکانی وڵاتی شام و بەرەو میسر ڕۆیشت و دوای ساڵێک بە وڵاتی شامدا بەرەو خۆرهەڵات کشا و گەیشتە ناوچەکانی جەزیرەی باکووری

سوریا و ناوچەکانی کاردۆخیا و باکووری نەینەوا و هەولێر و لە شەڕی گەوگەمێلا (ئەربێلا) لە ساڵی ۳۳۱ پ. ز. دا بەسەر سوپای هاخامەنشیدا سەرکەوت و کۆتایی بە ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی هێنا و هەتا هیندستان ڕۆیشت و پاشان گەڕایەوە بابل و لەوێ لە حوزەیرانی ۳۲۳ پ. ز. بە پەتایەک مرد (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ولبانک ۲۰۰۹، ص۲۱-۲۲؛ بيتري، ۱۹۷۷، ص ۵۵ ؛ جواد، ۲۰۰۸، ص۱۱).

## لیستی سەرچاوەکان:

## لیستی سەرچاوە کوردییەکان:


- بدلیسی، میر شەرەف خان، ٢٠٠٦، *شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان*، وەرگێڕانی، هەژار موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.

- زاموا، دڵشاد عەزیز مارف، ٢٠٠٩ "گەڕان بە دوای شوێنەواری شەڕی ئەربێلادا،" *گۆڤاری* مێرگ، ژمارە ٤٦.

- عەبدوڵلا، محەمەد ئەمین عەلی، *شەڕی گۆگامێلا(ئەربێلا)* ٣٣١پ. ز. *توێژینەوەیەکی مێژوویی لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی*، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

- زێنفۆن، ٢٠٠٦، گەشتەکەی زەینەفۆن، وەرگێڕانی: محەمەد مەسعود محەمەد، هەولێر، دەزگای ئاراس.


## لیستی سەرچاوە عەرەبییەکان:


- أحمد, جمال رشيد، و الهاشمي، رضا جواد، ١٩٨٦، *تأريخ الشرق الأدنى القديم، ايران و الأناضول*، بغداد.

- الأحمد، سامي سعيد و رشيد، جمال، ١٩٨٨، *تأريخ الشرق القديم*، بغداد.

- الأعظمي، علي ظريف، ١٩٧٢ *تأريخ الدول الفارسية في العراق*، بغداد.

- باقر، طه و آخرون، ١٩٧٩ *تأريخ إيران القديم*، بغداد.

- بيتري، آ.، ١٩٧٧.، *مدخل الى تأريخ الإغريق و أدبهم و آثارهم*، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، جامعة الموصل.

- پيرنيا، حسن، ٢٠١٣، تأريخ ايران القديم، ترجمة: محمد نورالدين عبدالمنعم و محمد السباعي، بيروت.

- جواد، حسن حمزة، ٢٠٠٨، *نشؤ الدولة السلوقية و قيامها، دراسة تأريخية ٣١٢-٦٤ ق.م.*، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة بغداد.

- حنون، نائل، ٢٠٠٩، *مدن قديمة و مواقع أثرية: دراسة في الجغرافية التأريخية للعراق الشمالي خلال العصور الآشورية*، دمشق.

- رشيد، جمال و رشيد، فوزي، ١٩٩٠، *تأريخ الكرد القديم*، جامعه صلاح الدين- أربيل.

- زينفون، ١٩٨٥، *حملة عشرة آلاف :الحملة على فارس، للمؤرخ الأغريقي زينفون*، ترجمة: يعقوب افرام منصور، الموصل.

- فيزهوفر، يزف، ٢٠٠٩، *فارس القديمة ٥٥٠ق.م. -٦٥٠م*، بيروت.

- ولبانك، فرانك، ٢٠٠٩، *العالم الهلنستي: حملة الأسكندر على الشرق و نشأة الممالك الهلنستية*، ترجمة: آمال محمد الروبي، القاهرة.

- يحي، اسامة عدنان، ٢٠١٥، *تاريخ الشرق الأدنى القديم*، جامعة المستنصرية، بغداد.

## ليستى سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Crompton, S. W., 2008 Cyrus the Great, Ancient World Leaders, Chelsea House Publisher, USA.

- Dusinberre, Elspeth R. M., 2013, Empire, Authority, and Autonomy in Achaemenid Anatolia, Cambridge University Press.

- Haupt, Paul, (1907a) “Xenophon's Account of the Fall of Nineveh,” Journal of the American Oriental Society, Vol. 28: pp.99-107.

- Haupt, Paul, (1907b), “The Book of Nahum,” Journal of Biblical Literature, Vol. 26, No. 1: pp.1-53.

- Herodotus, 1984, The Histories, Translated to English by: Aubrey de Selincourt, New York.

- Kuhrt, Amélie, 2007, The Persian Empire: A Corpus of Sources from the Achaemenid Period, USA.

- Lee, John, W., 2007 A Greek army on the March: Soldiers and survival in Xenophone’s Anabasis, Cambridge University Press.

- Marf, DLshad A., 2019, “The Aramaean Presence in the Northern Zagros during the Middle and Neo-Assyrian Periods,” Aramaean Borders Defining Aramaean Territories in the 10th – 8th Centuries B.C.E., Editors: Jan Dušek and Jana Mynářová, Brill, Leiden, pp.78-91.

- Parian, S., A., “A New Edition of the Elamite Version of the Behistun Inscription (I),” Cuneiform Digital Library Bulletin 2017:3, <http://cdli.ucla.edu/pubs/cdlb/2017/cdlb2017_003.html>: 1-14.

- Roaf, M., 1996, The Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East, New York.

- Strassler, Robert, B., 2009: The Landmark Herodotus, The Histories, A New Translation by Andrea L. Purvis. USA.

- Tolman, H.C., 1908 The Behistan Inscription of King Darius, translation and critical notes to the Persian text, Vanderbilt University Press.

- Tuplin, C. J., (2003) «‘Xenophon in Media’», in G. B. Lanfranchi, M. Roaf, and R. Rollinger (eds.), Continuity of Empire (?): Assyria, Media, Persia, Padua: 351-389.
- Xenophon, 2001 Xenophon: The Education of Cyrus, Translated by: Ambler, Wayne, Agora editions, Cornell University Press.
- Xenophon, 2005, The Expedition of Cyrus, Translated by: ROBIN WATERFIELD, With an Introduction and Notes by: TIM ROOD, OXFORD WORLD’S CLASSICS.

**ملخص:**

ظهرت كاردوخيا في العصر الأخميني، و كان لها موقع استراتيجي وعر، في الجنوب تبدأ حدودهم الجنوبي بالجبال التي تقع شمالي سهل نينوى، و نهر دجلة تحدها من الغرب، و من أقصى الشمال حيث نهر كنتريتيس تفصلها من أراضي الخالديين و الأرمنيين.

تبدأ السيطرة الأخمينية على المنطقة في سنة ٥٤٧ق.م. عندما عبر كورش الكبير نهر دجلة جنوبي أربيلا(أربيرا) و زحف على المنطقة ليصل الى أورارتو و أناضول. و لكن يبدو أن المنطقة لم تخضع للسيطرة الأخمينية، هذه المنطقة لم يذكر في كتابات المنقوشة على جبل بيستون للملك الأخميني دارا الأول في ٥٢١ ق.م. عند حديثه عن اخماد الثورات التي حدثت ضد الإمبراطورية الأخمينية، لربما كان ذلك بسبب أن المنطقة اصلا لم تخضع للسيطرة الأخمينية حتى تثور ضدها.

المصدر الرئيسي الوحيد حول بلاد كاردوخيا و الكاردوخيين في هذه الفترة هي كتاب أناباسيس التي كتبها القائد و المؤرخ اليوناني زينفون في ٤٠١ق.م. عند رجعته مع ١٠ آلالاف مقاتل اغريقي عبر بلاد الرافدين و كاردوخيا. زينفون أشار الى ضعف السيطرة الفارسية على المنطقة، و يروي قصة سمعها من سكان مدينة ميسبيلا (نينوى) حيث أشاروا الى أن أحد ملوك الفرس عبروا كاردوخيا، و كان قوام الجيش الفارسي حسب ما نقله زينفون من سكان ميسبيلا حوالي ١٢٠ ألف مقاتل و عند مرورهم في بلاد كاردوخيا لم ينجو أحد منهم، أن هذا الحدث لم يتأكده مصادر أخرى، ولكن في ٤٠١ق.م. عندما دخل ١٠ آلاف من الجنود الاغريق المنسحبين من بابل، أثبتت ان الكاردوخيين قاوموا بشدة عبور جنود غرباء في بلادهم، لذلك كانوا في معارك متحركة مستمرة ضد الجنود المنسحبين في الجبال و الوديان و المضائق الجبلية طوال الأيام و الليالي خلال الأسبوع التي استغرقت عبور جنود الإغريق لبلاد كاردوخيا، حيث عانت جنود الإغريق كثيرا و فقدوا عدد كبير من جنودهم.

زينفون أشار الى أن الكاردوخيين يتركون قراهم لكي ينقذوا افراد عوائلهم و يخيمون في أعالي الجبال حيث يرمون الصخور و يرشقون جنود الإغريق بالسهام. الكاردوخ لم يكن لهم جيش نظامي، ولكن نبالة الكاردوخيين و سهامهم الطويلة و الفعالة كانت تصيب جنود الإغريق اصابات قاتلة.

الجهات الغربية لكاردوخيا كانت على الطريق الملكي المسمى طريق سوسة-ساردیس التي تربط بين العاصمة الشتوية للدولة الأخمينية وهي مدينة سوسة العيلامية و مدينة ساردیس العاصمة الليدية القديمة.

**Abstract**

Carduchoi located in the Upper Mesopotamia in the area where the Taurus and Zagros Ranges met, it had a strategic location, several cities and towns built along the narrow valleys and plains along the Tigris river and its branches there. On the other hand, the area surrounded with high ranges of Carduchoi like (Judi Dag), these high mountains made a natural boundary and make the area inaccessible except from the mountain gorges and passes. These passes and gorges were the routes of the caravans and the military campaigns. After the fall of the Median Empire, the land of Carduchoi laid under the Achaemenid hegemony in 547BCE when Cyrus the Great crossed the Tigris and went up to Anatolia through Carduchoi.

This paper deals with the political and cultural aspects of Carduchoi and the military and political unrests of the area in this period, discussing the real hegemony of the Achaemenids on Carduchoi, the role of the Carduchois in the revolts against Darius I, the Carduchois resists against the 10 thousands Greek retreat in the Xenophon’s Anabasis, and the relations of the Carduchois with their neighbors, the Achaemenids, and the Greeks.